# باسێکی کورت لە سەر مێژووی مۆسیقای کوردی

سەرەتا بەر لە زانینی مێژووی مۆسیقای کوردی، با بزانین کورد کێ یە. ئەوسا دەتوانین لە سەر مۆسیقاکەشی بدوێین.

## بنەچەی کورد

کورد وەک ڕەچەڵەک و بنەچە، دەچێتەوە سەر ماد کە 700 ساڵ پێش لە دایک بوونی مەسیح دەسەڵاتێکی گەورەی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لە داوێنی چیای زاگرۆس دا هەبووە. دوای 150 ساڵ حوکمڕانی، کووروشی هەخامەنشی وەک نوێنەری فارس، دەسەڵاتی لە ماد زەوت کردووە و لەو کاتەوە تا ئێستا فارس وەک نەتەوەی فەرمانڕەوا حاکمە. دژایەتی فارسی دەسەڵاتدار لە گەڵ ماد (باوکە گەورەی کورد)دا بە شێوەیەکی ئەوتۆ بەڕێوە چووە کە ڕێگای گەڕانەوەی بە ماد نەداوە جارێکی تر بگەڕێتەوە سەر دەسەڵات و تێکۆشاوە تەواوی ئاسەواری ئەو 150(270) ساڵەی حوکمداری ماد بشێوێنێ و بیخاتە سەر خەرمانی دەسەڵاتی خۆی. ئەم شێواندن و داگیرکردنە گرفتێکی وای بۆ پسپۆڕان و لێکۆڵەرەوانی بواری مێژوو و دێرینە ناسی خوڵقاندووە کە زۆر بە زەحمەت بتوانن گرێ کوێرەی نێوان 150 ساڵ دەسەڵاتداری ماد و دواتر بدۆزنەوە و پێکەوەی گرێ بدەن. لە درێژەی ئەو سیاسەتەی فارسی فەرمانڕەوادا نەتەوەکانی تری غەیرە فارسی دانیشتووی ئێران، خراونەتە پەراوێزەوە و نەتەوەی باڵادەست کە فارسە، هەموو سامانە گشتی یەکانی گەلانی ئێرانی خستۆتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە. یەکێک لەو سامانە نەتەوەیی یانە، مۆسیقایە.

## گۆرانی و مۆسیقای کوردی

مێژووی تەمەنی هونەری گۆرانی لە هونەری مۆسیقا کۆنترە. ئەگەر بمانەوێ تەمەنی گۆرانی کوردی دەست نیشان بکەین، دەبێ لەو کاتەوە دەست پێ بکەین کە کورد بوونی هەیە. بە پێی بەڵگە مێژووییەکان، گۆرانی و مرۆڤ لفانەن. واتە مرۆڤ و گۆرانی پێکەوە لە دایک بوون و مۆسیقاش بەرهەمی خوڵقاوی دوای گۆرانییە.

حەمەی حەمەباقی لە کتێبی مێژووی مۆسیقای کوردیدا دەڵێ: " دەست نیشان کردنی ساڵێکی دیاری کراو یان سەردەمێکی دیاری کراو بۆ مێژووی سەرهەڵدان و لە دایک بوونی گۆرانی کوردی کارێکی ئێجگار دژوارە". ڕێگایەکی دیکە بۆ دۆزینەوەی مێژووی گۆرانی کوردی، پشکنینی ئەو بەڵگە و دیکومنتە ئایینی یانەیە کە لە کوردستاندا پەیدا بوون و سەریان هەڵداوە.

# ئایین و مۆسیقای کوردی

یەکەم هەنگاو لە ئایینی زەردەشتەوە دەست پێدەکەین. بە پێی بەڵگەکانی ئەو ئایینە پیرۆزە، سەرەتای نەش و نما کردن و سەر هەڵدانی گۆرانی کوردی دەگەڕێتەوە سەردەمی زەردەشت و سروودەکانی ئەو ئایینە. دەکرێ سروودی گاتا (گاسا) و ( یەشت)ەکان کە لە کتێبی پیرۆزی ئاڤێستادا هاتووە، بە سەرەتای گۆرانی کوردی ئەو سەردەمە دەست نیشان بکەین. ئەو سروودانە کە جۆرە گۆرانی یەکی ئەو چاخە بوون، لە بەر ئەوەی لە باری ئایینی یەوە دەرەتانیان پێ درابوو، زۆر زوو توانیویانە گەشە بکەن و پێش کەون. وەک فتوای ئایینی لە لایەن موغەکان واتە ڕێبەرە ئایینی یەکانی زەردەشتەوە، بە پەیڕەوانی ئەو ئایینە ڕاگەیەندراوە کە هەر کەسێ سروودەکانی ئاڤێستا بە ئاوازەوە بخوێنێ، کاریگەرتر و باشتر ئامانجەکانی دەپێکێ. وشەی گاتا، گاسا، گاسە یان گازە بە مانای بانگ و هاوار و داد و سکاڵا لێک دراوەتەوە. واتە سکاڵا و ڕاز و نیاز بە ئاواز و مۆسیقاوە لە گەڵ خودا. سروود لە پلەی هونەری دا لە گۆرانی بەرزترە و بۆ بۆنەکانی نیشتمانی و ئایینی بە کار دەبرێ. سروود دەکرێ زۆر جار پلەی حەقیقی (پیرۆز)ی پێ بدرێ و گۆرانی مەجازی(دڵداری و... ). سروود لە ئاتەشکەدەکانی زەردەشتی و کەلام لە جەمخانەکانی ئایینی یاری ( ئەهلی هەق ) و لە ماڵی ئێزیدی دا لە گەڵ تەموورە (تەنبوور، تەمویرە یان تەمیر) کە یەکێکە لە ئامێرە هەرە پیرۆزەکانی کورد، پێشکەش کراوە و دەکرێ.

سەدیقی بۆرەکەیی لە کتێبی مێژووی مۆسیقای کوردی دا دەڵێ: " مۆسیقا سەرەتا بە هۆی شمشاڵی شوانەوە هاتۆتە نێو کورد و پاشان پەرەی پێ دراوە ". بە گشتی ئەو سێ ئایینە (زەردەشت، یارسان و ئێزیدی) کە لە کوردستان دا سەری یان هەڵداوە، لە سەرەتاوە بوون بە هۆی پێشکەوتنی هونەری گۆرانی و مۆسیقای کوردی. چوونکە هەر سێکیان هانی خەڵکیان داوە ڕاز و نیازەکانیان لە گەڵ پیر و خاوەنکاری خۆیان دا بە ئاوازەوە بخوێنن (بۆ زانیاری: ناوەندی ئایینی زەردەشتی لە ورمێ، یارسان لە هەورامان و داڵەهۆ و لوڕستان، ئێزیدی لە موسڵ و سەنجار و دیاربەکر هەڵکەوتووە کە هەموویان لە کوردستانن). ئەگەر بەراوردێکی ئەو 3 ئایینە لە گەڵ ئایینی ئیسلام بکەین، بۆمان دەردەکەوێ ئیسلام بە پێچەوانەی زەردەشت و یارسان و ئێزیدی، هەموو کات دژی هونەر و مووزیک بووە و لە باتی گۆرانی و مۆسیقا دەبێژێ : بگرین تا دەروون تان لە گوناح پاک بێتەوە. واتە ئایینی ئیسلام بە پێچەوانەی ئایینی زەردەشت و یاری و ئێزیدی لە باتی شادی، خەم و شین و شەپۆڕ بۆ چارەی دەردەکان پێشنیار دەکا. لە ئایینی زەردەشتدا وتراوە: " ئەگەر دووعا و سکاڵاکان تان بە ئاوازەوە لە گەڵ تەموورەدا بخوێنن، زووتر دەگاتە جێی

خۆی". لە ئایینی (یاری) ش دا بە دەیان وتەی ڕێبەر و پیرەکانیان مان لە کتێبە پیرۆزەکانی ئەو ئایینەدا بەرچاو دەکەوێ کە هانی خەڵک دەدەن ئەو ئەرکە بە ئاوازەوە هاوڕێ لە گەڵ تەموورەدا بخوێنن. ئەم هەڵبەستەی خوارەوەی دەروێش زوڵفەقاری گۆران وێنەیەکی ئەو ڕاستی یە کە دەفەرموێ:

خاوەندکارم تەنبوورش ئاوەرد

پەری یارانش هەر سەوگەندش وەرد

واتش هەر کەسێ تەنبوور نەژەنۆ

مەبۆ جە دینش دڵش بکەنۆ

دەسا ئەی یاران، ئەر شاد، زگارن

تەنبوور بژەنن ئەگەر وەکارن

واتە: خاوەنکار تەموورەکەی هێنا و سوێندی بۆ یارانی خوارد کە هەر کەسێ تەنبوور نەژەنێ دەبێ دەست لەو دینە هەڵبگرێ، بۆیە یاران! ئەگەر شادن و ئەگەر خەمبارن، تا توانا و هونەرتان تێ دایە تەموورە بژەنن.

ئایینی(ئێزیدی)ش وەک لە کتێبی پیرۆزی "مەسحەفارەش"دا هاتووە، ڕێ و ڕەسمی جەژنەکانیان بە دەنگی قەواڵ (چەلەبی) لە گەڵ تەموورە و شادی کردن بە ڕێوەدەبەن. قەواڵ گۆرانیبێژی ئێزیدی یەکانە و ئەوپەڕی ڕێزی لێ دەگیرێ. نابێ کۆڕەی زیکری دەروێشانی تەریقەتەکانی قادری، بەرزنجی و نەقشبەندی لە تەکیە و خانەقاکان لە بیر بکەین. ئەو شێوە چرینەش لە گەڵ ئەوەی ناوەرۆکی هەڵبەستەکانی پێ هەڵاگوتنە بە شێخ و پیرەکانی ئەو تەریقەتانەدا بەڵام شێوەی بەیان کردنی بە ئاواز و ئامێری دەفە کە وەرگرتەیەکە لە ئایینەکانی زەردەشتی و یاری و ئێزیدی.

## ئامێرە ڕەسەنەکانی مۆسیقای کوردی

ئەم ئامێرانە دابەش دەکرێن بە 3 بەش: 1. زەربی یان کوتان(دەف، دایەرە، دەهۆڵ، تاس و دوو تەپڵە).2. بادی یان فوو تێکردن(نای، دووزەلە یان جووت زەلە، شمشاڵ، نەرمەنای"باڵەبان" و سوڕنا).3. زەهی یان ریشەدار(تەنبوور، تار و کەمانچە).

## داگیرکەران چۆن لە مۆسیقای کوردی دەڕوانن؟

# 1. ئێران

وەک دەزانین بە لە دەست دانی دەسەڵاتی مادەکان و هاتنە سەر حوکمی فارسەکان بە سەرۆکایەتی کوروشی هەخامەنشی، هونەرەکەشمان وەک چارەنووسی نەتەوەکەمان کرا بە بەشێک لە سامانی نەتەوەی فارس. بە چەشنێک هونەری گۆرانی و مۆسیقای کوردی وەک هونەری نەتەوەیەکی جیا لە فارس چاو لێ نەکراوە و ناوی مۆسیقای مەحەللی واتە لۆکاڵ و ناوچەیی لە سەر دانراوە.

تا سەد ساڵ لەمەوبەر کە بنەماڵەی فەراهانی واتە کوڕەکانی عەلی ئەکبەرخان کە بریتی بوون لە میرزا عەبدوڵلا و میرزا حوسەین قولی، سەر لە بەری دەزگاکانی مۆسیقای گەلانی ئێران یان گرد و کۆ کردەوە و بە ناوی " دەزگاکانی مۆسیقای ئێران" ناودێریان کرد، پێشتر ئەو دەزگایانە بە ناوی هەموو ئەو نەتەوانەوە دەناسرا کە لە چوارچێوەی ئێران دا دەژیان. بە واتایەکی دیکە مۆسیقای کوردی لە گەڵ مۆسیقای ئێرانی کۆن دا هاوبەشە و بە بێ ناو هێنانی کورد ئەو مۆسیقایە هەم ناتەواوە و هەم تالان کراو. لە کاتێک دا ڕەزاخان بە بیانووی متحدالشکل (یەکدەست)کردنی جل و بەرگەوە، تەواوی نەتەوەکانی غەیرە فارسی پێچا بووە هەتیتە و بە سەردەمی دەواردڕان لە مێژوودا بەناوبانگە، برایانی فەراهانی پێش ئەوەی دەزگاکانی مۆسیقای ئێران بەو شێوەیەی ئێستا هەیە ناودێر بکەن، بە هەموو دەسەڵاتێکی میری یەوە بە ئێران دا دەسووڕان و سەرجەمی ئەو دەزگایانەیان کۆ دەکردەوە. میرزا عەبدوڵلا بۆ خۆی پێنج مانگ لە کوردستان مایەوە و چی گەنجینەی مووزیکی کوردی هەبوو، کۆی کردەوە و پاشان ناوچەکانی دیکەی وڵات گەڕان و لە دوایی دا ناوی " دەزگاکانی مۆسیقای ئێران" یان لە سەر دانا. ئەو حەوت دەزگایە بریتین لە : ماهوور، همایۆن، سێگا، چوارگا، شوور، نەوا و ڕاست پێنج گا. هەر وەها 8 نیمچە دەزگاش وەک پاشکۆی ئەو حەوت دەزگایە هەیە کە بریتین لە: ئەبوو عەتتا، شووشتەری، ئەفشاری، بەیاتی زەند ( تورک )، دەشتی، بەیاتی کورد، ئیسفەهان و سەبا.

وەک لە سەرەتاوە باسمان کرد، فارسەکان بێجگە لە مۆسیقای فارس، مۆسیقای نەتەوەکانی دیکە بە مووزیکی مەحەللی ناو دەبەن. ئەم ناودێر کردنەش لە باری نێونەتەوەیی یەوە ئەو مافە بە نەتەوەی فەرمانڕەوا ( فارس ) دەدا کە وەک بەشێکی بچووک و ناوچەیی چاو لە مووزیکی کوردی و گەلانی دیکەی دانیشتووی ئێران بکا و بە ژێر تەوشێی خۆیانی بزانێ.

# 2. تورکیە

پێ بە پێی سیاسەتی شۆڤینیستی ئێران دژی کورد، لە تورکیەدا هەوڵ دراوە سەرلەبەری ئاوازە کوردی یەکان کۆ بکرێتەوە و هەڵبەستی تورکی یان لە سەر دابنرێ. لە بەر ئەوەی هیچ هۆیەکی ڕەگەزی و کولتووریی کورد و تورک بە یەکەوە نابەستێتەوە، سەرەتا هاتووە گۆرانی هەموو ناوچە کوردنشینەکانی کۆ کردۆتەوە و پاشان بە هۆی کوردە دەنگبێژە تورکی خوێنەکانەوە کردوونی بە تورکی. نموونەی ئەو کوردە تورکی خوێنانە زۆرن کە دەکرێ ناوی جەلال گوزەل سەس، عزت ئاڵتمش، برایم تاتلیسەس، بورهان چاچان، مەحمووود تونجەر، کوچوک ئەمرە، بەشیر کایا و بەڵقیس ببەین. پاشان ناوی سەنعەت مووزیک و خەڵک مووزیکی لە سەر ئەو تالان کردنە داناوە.

## 3. عێراق و سووریە

لە کوردستانی بن دەستی عێراق و سووریەدا، دەسەڵاتداران وێڕای هاودەنگی کردن لە گەڵ ئێران و تورکیە بۆ تواندنەوەی فەرهەنگ و کەلەپووری کورد، زۆرتر لە بواری میلۆدی و ریتم دا هەوڵیان داوە مۆسیقای کوردی بشێوێنن. بۆ وێنە ئەگەر گوێ لە مووزیکی ئەو گۆرانی یانە بگرین کە حەسەن زیرەکی نەمر لە بەغدا تۆماری کردوون و بەراوردی بکەین لە گەڵ کارەکانی ڕادیۆ کوردی کرماشان دا، پتر ئەو دەست تێوەردانەمان بۆ دەردەکەوێ. ئەوەی بەغدا تەواو عەرەبی یە و ئەوەی کرماشان کوردی یەکی پەتی. مۆسیقای بەرهەمەکانی نەمر محەممەد شێخۆ و باقی هونەرمەندانی کوردی سووریە بە ریتم تەواو عەرەبی یە.

## کۆڵەکەکانی گۆرانی کوردی

لە گەڵ هەموو ئەو تالان و بڕۆیە کە بە سەر مووزیکی کوردی دا هاتووە، هەندێ شێوازی گۆرانی کوردی مان هەیە کە نە نەتەوەکانی دەراوسێ هەیانە و نە داگیرکەران توانیویانە بیکەن بە موڵکی خۆیان. هۆیەکەشی ئەوەیە کە ئەو جۆرە ئاوازانە تەنیا بە کورد دەوترێ و بەس. ئەویش ئەم ئاوازانەیە: هۆرە، سیاوچەمانە، لاووک (لاوژە)، حەیران، بەیت، چەمەری و سۆزی گەرمیان.

**1- هۆرە:** لە ناوچەکانی ئیلام و کرماشان و دەور و بەری سنە ئەم شێوە گۆرانی یە باوە و بە زاراوەی کوردی خوار واتە کەڵوڕی دەچڕدرێ. نە لە گەڵ مۆسیقادا دێتەوە و نە ڕیتمی (ئیقاع) هەیە. ناوەرۆکی هەڵبەستەکانی دەکرێ پاڵەوانی، دڵداری، حەزینی و پیری بێ. مێژوونووسان دەبێژن هۆرە لە ئەهوراوە هاتووە و یەکێکە لە ئاوازە کۆنەکانی سەردەمی زەردەشت. جۆرەکانی هۆرە گەلێک زۆرن کە لێرەدا بە پێی دەرفەت ئاماژە بە چەند جۆریان دەکەین: پاوەمووری، لوڕی چڕ،

سوارانەچڕ، قەڵوەزی چڕ، قاچاخی چڕ، دوودەنگی، غەریبی چڕ، ئەکبەرخانی، کڵاودڕ، یەکدەنگی، ئەرکەوازی چڕ، هەی سوار هەی سوار، عەزیز و تەکش، یۆسوو و کڵاوزەڕ، چۆڵ چڕ و کویَ(کێو) چڕ و زۆری تر. ناوی هۆرەچڕەکان: عەلی نەزەر، عەولەزیز بڕەوەنی(حەیدەری)، سەی قولی، کەمەری گوڵستانی، سلێمان نەورۆزی، یارکەرەم نەجەفی، نەسوور قەڵاواڕی، ئەحمەد سەفەری و ئەقباڵ سەفەری.

2- سیاوچەمانە : گۆرانی سیاوچەمانە ( سیاچەمانە ) لە دەڤەری هەورامان بە هەورامانی تەخت و لهۆنەوە لە سەر زاری پیر و لاوی ئەو مەڵبەندە دڵبەندەیە. ئەم گۆرانی یەش وەک هۆرە بێ مۆسیقا و بێ ڕیتمە. مێژوویەکی کۆنی هەیە و دەچێتەوە سەر زەمانی زەردەشت. بۆ دەست نیشان کردنی دەنگبێژانی ئەم گۆرانی یە دەکرێ ناوی شەفیع، حەمە حسەین، عوسمان کێمنەیی و جەمیل نەوسوودی و فتح الله جوانڕۆیی(ئەمینی) لە ڕیزی پێشەوە ببەین. دیارە عوسمان و جەمیل جێگایەکی تایبەتی یان لە وتنی ئەم گۆرانی یە دا هەیە. هەڵبەستی ئەم گۆرانی یە بە شێوەزاری هەورامی یە و پتر لە گەڵ شیعری دڵداری، نیشتمانی و عیرفانی دا دەوترێتەوە.

3- لاوک ( لاوژە) :

ئەم مقامە لە هەموو ئەو ناوچە و دەڤەرانە دەسترێ کە بە دیالکتی کرمانجی سەروو ( باکوور ) دەپەیڤن. لە گەڵ موو‌زیک بە بێ ڕیتم و بە هەڵبەستی شێوەزاری کرمانجی سەروو پێشکەش دەکرێ. ناوەرۆکی هەڵبەستەکان ئەڤینی، مێرخاسی و نیشتمانی یە. دەنگبێژانی ئەم هەوایە زۆرن کە دەکرێ ئامارژە بە ناوی حەسەن جەزراوی، محەممەدعارف جەزراوی، کاوێس ئاغا، مەریەم خان، ئایشەشان، کازۆ و شوانپەروەر بکەین.

4- حەیران : لە ناوچەکانی هەولێر، کۆیە، ڕەواندوز و موکریان ئەم شێوە مقامە دەبێژرێ و پتر لە سەر ئەڤین و کێشە کۆمەڵایەتی یەکانی پێوەندی دار بە دڵداری یەوە دەدوێ. هەڵبەستەکانی وەک بەیت ڕێکخراون و بە شێوەزاری کرمانجی خواروو ( سۆرانی ) ن. شێوازی ئەم مقامەش وەک لاووک لە گەڵ موو‌زیک بە بێ ڕیتم دەوترێتەوە. هەر کە باسی حەیران کرا ئەم ناوانە وەک سەرتۆپی حەیرانبێژان بە حیساب دێن: ڕەسووڵ گەردی، حەسەن سیساوەیی، حەسەن حەیران، عوسمان حەیران و تەنیا عارەب.

5- بەیت : هەموو ناوچەی موکریان دەگرێتەوە. ناوەرۆکی بەیتەکان پتر لە سەر مێرخاسی، کوردایەتی و ئەڤینی یە و بە شێوەزاری کرمانجی خواروو ( سۆرانی )

دەوترێن. توحفەی موزەفەریە کە ئوسکارمان کۆی کردۆتەوە، گەلێک لەو بەیتانەی لە خۆ گرتووە. سوارۆ، لاس و خەزاڵ، سەیدەوان، پاییزە، ناسر ومالّ مالّ و گەلۆ نموونەی ئەو بەیتانەن. شێوازی ئەم مقامەش وەک لاووک و حەیران لە گەڵ مووزیک بە بێ ڕیتم دەوترێتەوە. شارەزایانی ئەم چەشنە مقامە حەمەی ئاغا، خلە دەرزی، عەلی خەندان، ڕەسووڵ نادری، عەلی سابڵاخی(کەردار)، سەلاح خزری، خەبات مەولوودی و "مستەفا دادار"ن.

6- چەمەری (چەمەرانە ): لە ناوچەکانی ئیلام، کرماشان و لوڕستان لە کاتی مردنی مێرخاسێکی بنەماڵەیەک دا وەک شیوەن بە ڕێوە دەچێ. ئەم ڕێ و ڕەسمە بە کۆتەڵ و ئاڵایی، دەهۆڵ و زوڕنا، دەنگبێژ (کە بە شایەر بە ناو بانگە ) و گەلێک پەراوێزی دیکە بەڕێوە دەبرێ. جیاوازی ئەم شێوە ئاوازە لە مقام دا ئەوەیە کە لە خانەی بەستەدا خانەبەندی دەکرێ و هەم مووزیکی هەیە و هەم ڕیتم. بە شێوەزاری کوردی خوار واتە کەڵەوڕی یان کرماشانی دەوترێتەوە و دەنگبێژ بە پێی پلە و پایەی کۆمەڵایەتی مردوو، خشت ( هەڵبەست) ی بۆ دادەنێ. موور یان سەرەمۆر شێوە ئاوازێکی شینگێڕی ژنانە کە بۆ مردوو دەیبێژن. حەی وا شێرە وەک چەمەری یە بەڵام ژنان دەیخوێنن.

7- سۆزی گەرمیان : لە ناوچەکانی گەرمیان واتە کەرکووک، کفری، دووزخورماتوو، مەندەلی، جەلەولا، خانەقین، زەهاو و دەور و بەر ئەم شێوە مقامانە باوە و بە سۆزی گەرمیان ناسراوە، بۆ وێنە : ئەڵلاوەیسی، ئای ئای، قەتار و خاوکەر، خورشیدی، هیجرانی، ئەڵوەن و فەلای شاری خەم. ئەم ئاوازانە بە شێوەزاری هەورامی و هەندێ جار کەڵەوڕی، وەک لاوک و حەیران لە گەڵ مووزیک بە بێ ڕیتم دەوترێنەوە. لە نێو ئەم مقامانە دا مێژووی ئەڵلاوەیسی زۆر کۆنە و دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی زەردەشت و هاوشانە لە گەڵ هۆرە و سیاوچەمانە. لووتکەی وەستایی سۆزی گەرمیان مامۆستای نەمرعەلی مەردان بووە. هەر وەها نەمران حوسەین عەلی و خوداداد عەلی و پاشان سەلاح داوودە، حەسەن گەرمیانی، شوکور خەبیات، یەدوڵلا ڕەحمانی، ئەحمەدبەرزنجی و قادر ئەلیاسی ئەو دەنگانەن کە ئاشنای سۆزی گەرمیانن.

شایانی باسە مقامی سەفەری ناوچەی سلێمانی و قەتاری دەڤەری موکریانیش لە ڕیزی ئەو مقام و سۆزەکوردی یانە خانەبەندی دەکرێن کە مۆرک و شەقڵی کوردی یان پێوە دیارە و هەڵقوڵاوی هونەری ڕەسەنی (کوردی)ین. هەر کە مقامی سەفەر بە دەنگی نەمران حەمەی بەکر، حەمەساڵح دیلان و تۆفیقی مەحموود شلک و...هتد مان گوێ لێ دەبێ، دەست بەجێ مەڵبەندی سلێمانی مان دێتە پێش چاو،

کاتێکیش قەتاری نەمرحەممەد ماملێ دەبیستین، دەقەری موکریان و جوانی ئەوێ مان وەبیر دێتەوە.

ئەم حەوت جۆر گۆرانی یە تەنیا هیی کوردە و بێجگە لە کورد مۆرکی هیچ نەتەوەیەکی دیکەی دوور و نزیکی کوردستانی پێوە نی یە. کورد گۆرانی بۆنەشی هەیە کە دەکرێ بە شێوەی خوارەوە پۆلین بکرێن : گۆرانی کار، گۆرانی شوان، گۆرانی جووتیار، گۆرانی منداڵ، گۆرانی ئایینی، گۆرانی شایی، گۆرانی زەماوەن، گۆرانی بۆ مردوو، گۆرانی شەڕ، گۆرانی ژنان، گۆرانی نێچیر، گۆرانی گاڵتە و گەپ ( قۆریات ) وگۆرانی ئەڤینی.

سەرەڕای ئەم کورتە پێناسە بۆ گۆرانی و مۆسیقای کوردی، دەکرێ گۆرانی کوردی بە سێ بەشی: 1- بێ مۆسیقا(هۆرە و سیاوچەمانە)2- بە مۆسیقا و بێ ڕیتم(حەیران و لاووک)3- بە مۆسیقا و بە ڕیتم (بەستە) دابەش بکرێ کە لەوەش دا گۆرانی و مۆسیقای کوردی هەم بە ئاواز و هەم بە ڕیتم لە گەڵ نەتەوەکانی دیکەدا جیاوازن. ئەم جیاوازی یەش کاتێک باشتر دەردەکەوێ کە بە کردەوە بەرهەمەکە لە سەر سەکۆی شانۆ پێشکەش بکرێ. لەوەش ڕوونتر ئەگەر گۆرانی و مۆسیقای کوردی تێکەڵی هەڵپەڕکێ ببێ، ئەوکات نە تەنیا گۆرانی و مۆسیقای کوردی بە بەشێکی جوێ لە مۆسیقای فارس و تورک و عەرەب چاو لێ دەکرێ، بەڵکوو پتر ئەو جیاوازییە دەردەکەوێ.

بەستەی گۆرانی کە ریتمی هەیە، دیسان دابەش دەکرێ بە چەند شێوە:

1. گۆرانی ئاسایی بە ریتمگەلی لەسەرەخۆ تا خێرا. ناوەرۆکی ئەم جۆرە گۆرانیانە دەکرێ دڵداری، سروشتی، کار(لە کاتی دروێنە کردن و شوانیدا)، نیشتمانی و ئایینی بێ.

2. سروود کە بە ریتمی مارش. ئەم جۆرە بەستەیە نیشتمانی، نەتەوەیی، بەرخۆدان و شۆڕشگێڕی یە.

## شوێن و رۆڵی مۆسیقا لە کۆمەڵی کوردەواریدا

کاتێک زمانی کوردی قەدەغەیە و مافی خوێندن و نووسین و تەنانەت قسەکردنی پێ نادرێ، بۆ ئەوەی زمانەکە لە بیرنەچێتەوە، کۆمەڵگا دەکەوێتە بیری دۆزینەوەی ڕێگاچارە. یەکێک لەو ڕێگایانە کە زمانی کوردی پاراستووە، گۆرانی کوردییە بە هەموو شێوەکانی یەوە. بۆ سەلماندنی ئەم راستییە گوێ بگرن لە گۆرانییەکانی حەسەن زیرەک. هەم بە وشە دەوڵەمەندە و هەم بە ڕێزمان پاراو و بێ گرێ و گۆڵە. واتە هەم فەرهەنگە، هەم ڕێزمانە و هەمیش ڕێگایەکە بۆ دەربڕینی زمانی

ئاخاوتن و قسەکردن. ئەم چەکە بەهێزە تەنیا زمانی کوردی نەپاراستووە، بەڵکوو مێژوو و ئەدەبی کوردیشی بە شێوەیەک پاراستووە. مۆسیقای کوردی وەک هەموو دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی لە گەڵ ڕەوت و گەشەکردنی کۆمەڵگا گۆڕانی بە سەردا دێ. لە گەڵ چواردەور دەکەوێتە دان و ستان. ئەم دان و ستانە تا کاتێک بتوانێ مۆرکی ڕەسەنایەتی کوردی بپارێزێ، شتێکی سروشتی یە، بەڵام ئەگەر ئەوەندە گۆڕانی بە سەردا بێ نەناسرێتەوە، ئیتر ئەوە بە مۆسیقای کوردی نامێنێ. کۆنفسیۆس دەڵێ: بۆ ئەوەی نەتەوەیەک بناسی، گوێ لە مۆسیقاکەی بگرە. کەواتە ئێمە لە گەڵ پێش خستنی مۆسیقا، دەبێ مۆرکی خۆماڵیەکەی بپارێزین. شێوەکانی ڕۆک، جاز، پۆپ و شێوازەکانی دیکەی ڕۆژاوایی بە شیوەیەکی سەرەتا و زۆر کەم هاتۆتە نێو مۆسیقای کوردی یەوە بەڵام هێشتا سەرەتایە. کارەکانی هونەرمەندان قادردیلان، ڕەفیق چالاک، هۆمەری دزەیی، جوان حاجۆ، نیلووفەڕ ئیقباڵ، ڕۆژین و دیاری قەرەداغی هەر کام تێکەڵاوی شێوازی جاز و پۆپ بوون. هونەرمەندانی کورد بە هێنانی ئەم شێوازانە بۆ نێو مۆسیقا و گۆرانی توانیویانە لە گەڵ نوێخوازی، تایبەتمەندی هونەری "کوردی"ش بپارێزن.

## سەرچاوەکانی ئەم باسە


بۆ ئامادەکردنی ئەم باسە، کەڵکم لەم سەرچاوانەی خوارەوە گرتووە:

1. مێژووی مۆسیقای کوردی، د. سەددیق سەفیزادەی بۆرەکەیی بە زمانی فارسی

2. مێژووی مۆسیقای کوردی، حەمەی حەمەباقی بە زمانی کوردی.

3. ژیانی هونەرمەند سەیید عەلی ئەسغەری کوردستانی، حەمەی حەمەباقی بە زمانی کوردی

4. باڵەبان، وریائەحمەد بە کوردی

5. چەند وتاری هونەرمەند ناسر ڕەزازی

6. مێژووی مۆسیقای ئێران، 3 بەرگ لە نووسینی رووحوڵڵاخالەقی بە زمانی فارسی